# تورکیا لەدەرەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژبەتیرۆر

لەو چاوپێکەوتنەی کە رۆژنامەی شەرقی ئەوسەت لەگەڵ پۆل بریمەری فەرمانڕەوای عیراق بۆ ماوەی یەك ساڵ پاش روخانی رژێمی پێشوو ئەنجامی داوە، بریمەر بێ ئومێدیی خۆی لەتورکیا دەردەبڕێو باس لەوە دەکا کەسوربونی ئەنکەرە لەسەر رێگرتن لەسودمەندبونی ئەمریکا لەبەکارهێنانی خاكو ئاسمانی تورکیا لەشەڕی دژ بەداعش ئەمریکای توشی شۆك کردووەو ئەم هەڵوێستەی ئەنکەرە بەهەڵوێستی ساڵی ٢٠٠٣ دەچوێنێ، کاتێك ئەنکەرە رێی نەدا تیپی چوارەمی پیادەی مارینزی ئەمریکا سود لەخاکی تورکیا بۆ گرتنی موسڵو تکریت وەربگرێت.

لەڕاستیدا بێ هیواییەکەی بریمەر تەنها تایبەت بەخۆی نیە، بەڵکو هەموو چینی سیاسیی ئەمریکا هەست دەکا لێرە بەدواوە زۆر زەحمەتە تورکیا بەدۆستێکی ستراتیجیی رۆژئاوا بزانرێ، تەنانەت مانەوەی بنکەی ئینچەرلیك پاش دوو جار رێ نەدان بە بەکارهێنانی، مایەی پرسیارە. واوەتریش، مانەوەی تورکیا بەئەندامی پەیمانی ناتۆ خۆی لەخۆیدا مەسەلەیەکە بەشێنەیی بیری لێ دەکرێتەوە.

تورکیا هێشتا نەبۆتە ئەندامی ئەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەی کە بەسەرکردایەتیی ئەمریکا لەدژی داعش پێك هاتووەو ناشیەوێ بەبێ مەرج ببێ بەئەندام. بەڵام مەرجەکانی کەبریتین لەپێکهێنانی ناوچەیەکی پارێزراوو ناوچەیەکی دژە فڕین لەباکوری سوریاو کارکردن بۆ روخاندنی رژێمی ئەسەد،

هێشتا لەواشنتن بەهەند وەرنەگیراونو هێشتا ئەمریکا سورە لەسەر ئەوەی کەناتوانێ جێیەك لەناو نەخشەکانی بۆ ئەو مەرجانە بدۆزێتەوە.

بەدڵنیاییەوە، مانەوەی تورکیا لەدەرەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژ بەداعش، پاش کۆتایی هاتنی جەنگ رەنگدانەوەی خراپی لەسەر پەیوەندیو بەرژەوندییەکانی تورکیا دەبێ. رۆژ لەدوای رۆژیش گومان لەسەر ئەوە زیاد دەبێ کەهۆی خۆدزینەوەی تورکیا لەبەشداری کردن لەجەنگی دژ بەداعش، زۆرتر هۆیەکی ئایدیۆلۆژییەو تورکیا بەپێچەوانەی ئەمریکاو تەنانەت بەپێچەوانەی جیهانیشەوە، داعش بەمەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکەو جیهان نازانێ.

سەرنوسەر